https://www.doi.org/10.31918/twejer.2033.8

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# هۆكارى ڕاپەڕينى خەڵكى ڕۆژهەڵاتى ئيسلامى دژى خەلافەتى عەبباسى(١٣٢-ـ٢٣٢ك/٧٤٩-ـ٨٤٦ز) بەپێى سەرچاوە فارسييەكان

پ.ى.د. ابوبكر ديوانە حمد حسن

بەشى زانستە كۆمەڵايەتييەكان

فاكەڵتيى پەروەردە_ زانكۆى سۆران

Abubakir.dewane@soran.edu.iq

د. موسى محمد خضر

بەشى مێژوو _ كۆليژى ئاداب

زانكۆى سە لاحەددين

Musa.khder@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم تـــویژینەوە لەژێـــر ناونیشـــانی (هۆکـــاری ڕاپەڕینـــی خەڵکـــی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دژی خەلافەتی عەبباسی(١٣٢–ـ٢٣٢ک/٧٤٩–ـ٨٤٦ز)، بەپێـــی ســـەرچاوە فارســـییەکان)، لە دەســـتپێک ودوو تەوەرە پێکـــدێت، دەســـتپێک تـــایبەت کـــراوە بە کـــورتەیەک لەســـەر توێژینەوەوڕێبـــازی توێژینەوە. تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە دیارکردنی شۆڕشەکانی ئێرانییەکان و هەرێمەکـــانی ڕۆژهەڵاتـــی ئیســـلامی. لە تەوەرەی دووەمـــدا گرنگتـــرین هۆکارەکانی بزووتنەوەکـان دژی خەلافەتی عەبباسیی یەکەم دیـارکراون، کە بریتین لەهۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئـاینی وئـابووری، تـوێژینەوەکە کۆتایی دێت بە کۆمەڵێک ئەنجام.

**وشــە کلیلییەکــان:** ڕۆژهــەلاتی ئیســلامی، خەلیفــە عەبباســییەکان، ئەبوموسلیم خوراسانی،سەرچاوە فارسییەکان، مەوالییەکان.

## هۆکـــاری ڕاپەڕینـــی خەڵکـــی ڕۆژهەڵاتـــی ئیســـلامی دژی خەلافەتـــی عەبباسی(١٣٢-ـ٢٣٢ک/٧٤٩-ـ٨٤٦ز) بەپێی سەرچاوە فارسییەکان

**دەستپێک:**

هەڵسـوکەوتە نابەجێیـەکان و پـەیڕەوکردنی سیاسـەتی دەمـارگرژیی نـەژادی هەندێک لـە والییـەکان و فـەرمانڕەوایانی موسـڵمان بـە تایبـەت لـە هەرێمی خوراسان بە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕاپەڕینی خـەڵکی ئەوهەرێمـە دژ بەحکومڕانیـەتی خەلیفەکانیموسـڵمانان ئـەژماردەکرێ، کـە لـە ڕاسـتیدا بەر لە شوێنەکانی دیکەی قەلەمڕەوی دەسـەڵاتیان، واتە ڕۆژهـەڵاتی وڵاتـی ئێــران و خوراسانســـەری هەڵـــدا، دوابەدوای کوشـــتنی ئەبوموســـلیم خوراســـانی لـــە ســـاڵی (١٣٧ک/٧٥٤ز) کـــە لەلایەن دووەمـــین خەلیفـــەی عەبباسی ئەبوجەعفەری مەنسوور(١٣٦-ـ ١٥٨ ک/٧٥٤-٧٧٥ ز) بە ئـەنجام گەیشت، ناڕەزاییەتیی خەڵکی ئێران وهەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بە گشـتی و بـە تایبـەت خوراسـانییەکانیبەدواداهات، گومـانی تێـدا نیـیە،کە لەپشـتی ئەم ناڕەزایەتییـانە کۆمەڵێک هۆکـار هەبـوون، بۆیە ئـێمە تیشـک دەخەیـــنە ســـەر شۆڕشـــەکان وهۆکارەکـــانی بە پشتبەســـتن بەچەنـــدین سەرچاوەی تایبەت بەم بابەتە.

**پرســـیاری تـــوێژینەوە:** کەباســـی شۆڕشـــەکانی خەڵکـــی نـــاڕازیی هەرێمەکـانی ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی دەکرێت، لەبەشـێک لەسـەرچاوەکانی مێژووی ئیسـلامی،بەیاخیبوو و لەدیندەرچوو وهەڵگەڕاوە ئەژمـاردەکرێن، بۆیە ئێمە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێین، بەتـایبەت لەسـەرچاوە فارسـییەکان، کەتـایبەتن بەم بابەتە،ئایـا ئەم شـۆڕش وڕاپەڕینـانە بریتـی بوون لە هەڵگەڕانەوە لە ئاینی ئیسلام؟ یاخود داواکردنی مافەکانی خۆیـان بـوو؟ یـان بریتیبـوون لەکۆتاییهێنـان بەو سـتەمەی کە لەلایەن بەشـێک لەکاربەدەستەکان ووالییەکانی خەلافەتی عەبباسیلێیان دەکرا؟

**ڕێبازی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە، توێژینەوەیەکی وەسفیی شیکارییە، پشتی بەسەرچاوە فارسییەکانی مێژووی ئیسلامی بەستووە.

**سنووری توێژینەوە:**هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەگرێتەوە، کەبریتین لەوناوچانەی کە خەلیفە مەئموون(١٩٨– ٢١٨ک/٨١٣– ٨٣٣ز) دیاری کردبوون. لە بەغدا تا دوا سنووری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی.(تەبەری،٢٠٠٨: بەرگی٥/ل١٥٢)،گەڕیدەموسڵمانەکانیش بەم هەرێمانەیان گوتووە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی(هەرێمی چیا، خوزستان، فارس، کرمان، سەند، ئازربایجان، تەبرستان، دەریای خەزەر، خوراسان، سیستان، ئەودیوی ڕووبار (ماوراء النهر)، دەیلەم، ئەرمینیا و ترکستان). (ئوستوخری، ٢٠٠٤: ل ٨٨، ٩٦، ١٥٨، ١٧٠، ١٨٠، ١٩٥، ٢٠٤، ٢٣٨، ٢٥٣، ٢٨٦)؛ ئیبن حەوقەل، ١٩٣٨: ٢٤٩، ٢٦٠، ٣٠٥، ٣٧٥، ٣١٧، ، ٣٨٦، ٤١١، ٤٢٦).

## تەوەرەی یەکەم: شۆڕشی ئێرانییەکان، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دژی خەلافەتی عەبباسی (١٣٢–-٢٣٢ک/٧٤٩–-٨٤٦ز)

**شورەیک کوڕی شێخ مهر(١٣٣ک/٧٥٠ز):** ئەو ڕاپەڕینە بە یەکەم ڕاپەڕین لە خوڕاساندژ بە عەبباسییەکان دادەنرێ، لەکتێبی (تاریخ بوخارا)داهاتووە کە شورەیککەسێکی عەرەب بووە لە بوخارا و پەیڕەوی مەزهەبی شیعە بووە، ئەو بانگەشەی بۆجێنشینیی منداڵەکانی عەلی کوڕی ئەبی تالیب دەکرد و دەیگوت لە ڕەنج و ئازاری مەڕوانییەکان (وەکو ئاماژەیەک بۆئەمەوییەکان) ڕزگارمان بووە، ڕەنج و ئازاری عەبباسییەکانمان ناوێت و کوڕی محمەد(دیارە مەبەست بنەماڵەی ئالی ئەبی تالیب)ە، کە دەبێت خەلیفە بێت.(نرشخی، بیتا:٧٣) ئەو گوفتارەی ئەوبووە هۆی ئەوەی خەڵکێکی بێژمار لە دەوری کۆببنەوە و بەیعەتی پێ بدەن، ئەوهەواڵە گەیشتە ئەبومسلیم کە زۆر دژی یەکتری بوون، ئەویش

لەشکرێکی دە هەزارکەسی بە فەرماندەی زیاد کوڕی ساڵح ناردە بوخارا، بۆشەڕ دژی شورەیک کە ماوەی سی و حەوت ڕۆژ درێژەی کێشا. سەرەتا سەرکەوتن بۆ شورەیک بوو، بەڵام دوایی پارسەنگی هێز گۆڕا وشورەیک لە مەیدانی شەڕ لە ئەسپکەوتە خوارەوە و کوژرا (نرشخی، بیتا : ٧٣-٧٨) ڕەنگە ئەو پاڵپشتیکردنەی شورەیک لە بنەماڵەی ئالی بەیت بەهانەیەک بێت بۆ کۆکردنەوەی لایەنگر و سوود وەرگرتن لە سۆزی ئەو خەڵکانە، بۆ زیاتر دژایەتیکردنی ئەو شۆڕشە بێت کە ئەبوموسلیمی خوراسانی ڕێکیخستبوو.

سونباد-سەنباد- سینباد زەردەشتی(١٣٧ک/٧٥٤ز): دوای بڵاوبونەوەی دەنگۆی کوشتنی ئەبو موسلیم خوراسانی بە هۆی دووەمین خەلیفەی عەبباسی ئەبوجەعفەری مەنسوور(١٣٦ ــ ١٥٨ ک/ ٧٥٤ـ٧٧٥ ز)، دەنگی نارەزایەتی بەرزبووەوە، کە یەکەمینیان لە لایەن سنباد بوو، چونکە ناوبراو لە خوراسان چاوی بە ئەبومسلم کەوت، گەورەیی و دوڵەتداری لێی بەدی کرد، پاش میوانداریکردنی ئەبومسلم، سنباد هیچی نەدرکاند، بەڵام سنباد گوتی من نهێنی پارێزم، شەڕم لەگەڵ عەرەبەکان کردووە، بۆیە ئەبومسلم نهێنی خۆی پێ گوت، پاشان سنباد هانای بۆ ئەبومسلم برد وهاوکاری کرد وعەرەبەکانی کوشت(تتوی، ١٣٨٢ە ش:٢/ ١٢٨٢)، لە ماوەیەکی کورتدا توانی ژمارەیەکی زۆر لایەنگر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و ئاراستەیان بکات وەکو زەردەشتییەکان، خورەمدینەکان و شیعەکان(طوسی،250:1377)، ئەو توانی بزاڤێکی خوێناوی بەرپابکات، هەرچەند ماوەکەی کورت بوو، کە تەنیا حەفتا ڕۆژی خایاند، سەرەتا سنباد دەستی بە سەر گەنجینەی ئەبو موسلیم داگرت، کە لە شاری ڕەی بوو (طوسی، 250:1377)، ئەوەش زۆرگرنگ بوو بۆ پاڵپشتیی دارایی، ئەو کارەی سنباد خەلیفەی هەراسان کردبوو، یەکێک لە ئامانجەکانی سنباد، جیا لە تۆڵەی خوێنی ئەبو موسلیم تێکدانی خەلافەتی

ئیسلامی و وێرانکردنی کەعبە بوو، بەڵام خێرا خەلیفە هەستی بە مەترسی زۆر کرد و لەشکری نارده سەر و شکا و لەئەنجامدا هەر بەهۆی ئێرانییەکانەوە، لەبەر لەخۆبایبوون یاخود بۆخۆنزیککردنەوە لە خەلیفە کوژرا.

ڕاوەندییە (١٤١ک/ ٧٥٨ز):ئەوانە ژمارەیەک لە مەوالییە فارسەکانی خوڕاسان بوون، کە زۆر لایەنگری ئەبوموسلیم بوون، بە کوشتنی زۆرنیگەران ببوون، ئەوان پێیان وابوو بۆتۆڵەکردنەوەی ئەبوموسلیم تاکە ڕێگا کوشتنی خەلیفە مەنسووری عەبباسییە (١٣٦-١٥٨ک/٧٥٤-٧٧٩ز)، بەڵام بۆ ئەوەی نەخشەکەیان ئاشکرا نەبێت، خۆیان بە دڵسۆزی مەنسوور نیشاندەدا و بە خودای خۆیانیان دەزانی، بەڵام لە بنەڕەتدا نیازی خۆیان دیار کرد بوو، ترسیان لەوە هەبوو کە چۆن مەنسوور ئەبو موسلیمی خافلگیرکردو کوشتی ئەوانیش وا لێبکات، بەڵام مەنسوور لێیان بە گومانبوو، سەرئەنجام شەڕێکی توند لە نێوانیاندا ڕوویداو کۆمەڵکوژکران (نخجوانی،١٣١٣: ١٠٥؛ میرخواند، ١٣٨٠: ٢٥٦٠)، گرنگیی ڕاوەندییەکان لەوەدابوو کە لەناو جەرگەی دەسەڵاتی عەباسیدا ویستییان دەست لە خەلیفە بوەشێنن.

ئوستادسیس_ئوستاسیس(١٤٢-ـ١٤٣/٧٥٩-ـ٧٦٠ز): ناوبراو یەکێک بوو لە کەسایەتییەکانی دەسەڵاتداری خوڕاسان، ڕاپەڕینەکەی لە دوای سنباد و هەڵگەڕانەوەکەی لە ساڵی (١٥٠ک/ ٧٦٧ز) لە خوڕاسان بە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دژ بە عەبباسییەکان دەستپێکرد، ئەو یەکێک لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانی ئەبوموسلیمی خوڕاسانی بوو، سەرەتا زۆرگەشەی کرد، شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی زۆرلەنێوان ئەو و سوپای خەلیفە ڕوویدا لە ئەنجامی ئەو شەڕانەدا ژمارەیەکی زۆرلە لایەنگرانی ئوستادسیس کوژران و بە دیلگیران. بە هۆکاری شارەزا نەبوونی

سوپاکەی شکستیانهێنا و دوای ساڵێک ڕێبەری ڕاپەڕینەکەش چارەنووسێکی گوماناوی هەبوو لە ڕاستیدا ئەوگیانی خۆی کردە فیدای سەربەخۆیی وڵاتەکەی. (گردیزی،١٣٦٣ه .ش:٧٤؛ مجهول، ١٣١٨ : ٣٣٢؛ خوافی، ١٣٨٦: ج١/٢٤٧).

**موقەنەع هاشم بن حەکەم- پەیامبەری ڕووبەندەدار(١٥٩ک/٧٧٥ز) :**
چەندساڵێک دوای ئوستادسیس ڕاپەڕینێکی دیکەبەمەبەستی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی ئەبوموسلیم خوڕاسانی لەودیوی ڕووبار لەخوڕاسان دەستیپێکرد، کە دوای کوشتنی ئەبوموسلیم بە درێژخایەنترین و گرنگترین ڕاپەڕینی سەردەمی خۆی ئەژمار دەکرێ. موقەنەع یەکێک بوو لە نووسەرانی ئەبو موسلیم و کەسە هەرە نزیکەکانی، جیاوازیی ڕاپەڕینەکەی ئەو لەگەڵ ئەوانیتردا دروستکردنی مانگی دەستکرد و هێنانی ئاینی نوێ بوو بۆ ناو کۆمەڵگەی ئەوکات و بەو بۆنەیەشەوە خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبوونەوە، شوێنکەوتووانی ئەو ئاینەی موقەنەع دایهێنا لە سەرچاوەکاندا بە سپیپۆشان- (مبیضە) ناسراون (نرشخی، بیتا: ٤٦-٨١)، بیروباوەڕی دۆنادۆن (تناسخ) لە ئاینەکەیدابە مەبەستی پێکەوەگرێدانی موقەنەع  بە ڕوحی ئەبوموسلیمەوە لە بنەماکانی ئاینەکەیان دەژمێردرێ، ماڵی خەڵکی بۆ لایەنگرانی خۆی حەلال دەکرد، هەر کەس دژایەتی بکردایە دەیکوشت.(بیرونی، ١٣٦٣: ٣١٥)

**یوسف کوڕی ئیبراهیم ناسراو بە بەرم(١٦٠ک/٧٧٦ز):**لە ڕاستیدا خوڕاسان دوابەدوای کوشتنی ئەبوموسلیم دووچاری دۆخێکی ئاڵۆزو شلەژان بوو بووەوە،یوسف بەرمکە یەکێک بوو لە مەوالییەکان و خەڵکی خوڕاسان بوو،لە سەردەمی مەهدی عەبباسی(١٥٨-١٦٩ک/٧٧٥ – ٧٨٥ز) ڕاپەڕینەکەی دەستپێکرد، و دەستی بەسەر چەند شارێکی خوڕاساندا گرتوچەند ناوچەیەکی دیکەشی گرتەوە(زرین کوب، ١٣٧٨،

١٥٧)بەڵامڕووبەڕووی هەڵمەتی سەربازی توندی خەلیفە مەهدی( ١٥٨ – ١٦٩ ک/٧٧٥ –٧٨٥ز) بووەوە.

**بابەکی خورەمی** (٢٠٠-٢٢٢ک/٨١٥-٨٣٦ز): ناوی بابەک حەسەنە، بابەک کوڕی مەردەس بووە، بەڵام ئەم ناوە لە هیچ سەرچاوەیەکی دی بەرچاو ناکەوێت. بابەک یەکێکە لە کوڕەکانی موتەهەری کوڕی فاتیمەی کچی ئەبومسلم، کە فاتیمە لە خورەمییەوە دەگاتەوە بە بابەک، بەڵام کێشە ئەوەیە هیچ مێژوونووسێک باسی لەوە نەکردووە کە فاتیمەی کچی ئەبومسلم کوڕێکی بەناوی موتەهەر هەیە.(صدیقی،١٣٧٢هش :٢٨٥،٢٨٦،٢٨٨،٣٢٤)

دایکی بابەک چاوێکی کوێر بوو، دەستکورت و هەژار بوو، لە گوندێکی ئازەربایجان پیاوێک کە عەبدوڵایان پێدەگووت چاوی تێبڕی و سکی لەو پڕبوو، دواتر عەبدوڵا کوژرا و بابەکیش لەناو سکی دایکیدابوو، بابەک لە دایک بوو. دایکی کاری دەکرد بۆ ئەوەی ژیانی دابینبکات. خەڵکی ئاوایی بۆلەوەڕاندنی مەڕوماڵاتیان ئەویان کردە شوان و خواردن و پۆشاکیان بۆ دابیندەکرد. ڕۆژێک دایکی چوو نان و خۆراکی بۆ ببات، بینی لەژێر دیوارێک نووستووە. مووەکانی لەشی بینی کە ڕەق وەستاون. لەژێر هەر موویەک دڵۆپێک خوێن وەستاوە. دایکی وتی، ئەم کوڕەی من دەبێتە خاوەن پلە و پایەکی بەرز.(نفیسی، ١٣٨٨هش: ٦٢ )دەشێت بابەک لە دوای وەرگرتنی دەستەڵات ژنەکەی جاویدانی لەخۆمارە کردبێت، لەمەوە تێدەگەین کاتێک بابەک گەیشتە دەستەڵات گەنج بووە، هوشیار و دلێر وزیرەک و عاقڵبووە.(صدیقی،١٣٧٢،٢٩١)خواجە نیزام الملک طوسی بە شێوەیەکی زۆر خراپ باسی دەکات وسەرهەڵدانی ئەو بە فیتنەیەکی گەورە ناونراوە. (طوسی، ١٣٧٧٢: ٢٨٢؛ حاج خلیفە، ١٣٨٦: ٦٢)

دواتر ژنەکەی بە پەیڕەوکارانی جاویدانی گوت: "جاویدان بابەکی بەجێنشینی خۆی داناوە". بابەک هاوەڵانی کۆکردەوە و دوای نیوەشەو زۆربەی موسڵمانەکانی دێیەکەیان کوشت،بەمەش بابەک بیست هەزار سواری کۆکردەوە. ژمارەی پەیڕەوکارانی بابەک کە خەڵکی ئازەربایجان و دەیلەم بوون و گەیشتنە سێسەد هەزار کەس{ئێمە پێمان وایە ئەم ژمارەیە زیادەڕۆیی تێدایە هەرچەندە سەرچاوەکان ئاماژەیان پێ کردووە}.(نفیسی، ١٣٨٨هـش:١١،١٢،١٤)بابەک پیاوێک بوو بڕوای بە خوا نەبوو، لەسەر ئاینی مەزدەک بوو، قەدەغەکراوەکانی بە حەڵاڵ دەزانی، وەک بە حەڵاڵزانینی هاوسەرگیریکردن لەگەڵ مەحرەم. لەسەرەتای ڕاپەڕینەکەیدا کە لە ئازەربایجان دەستی پێکرد، قەڵایەکی زۆر قایم و سەختی دروست کرد، هەر لەشکرێک چووبایە جەنگی ئەو دەیبەزاند.(طوسی، ١٣٧٧: ٢٨١؛ میرخواند، ١٣٨٠هـش: ٢٦٣٣؛اسلام نیا، ١٣٨٤ ه.ش:١٣،١٤)

محەمەد کوڕی ئەلبەعیس-البعیث کە ڕووکەشانە خۆی پەیوەست کردبوو بەلایەنگریی بابەکەوە، نامەیەکی بۆ خەلیفە نووسی و ملکەچی خۆی بۆ دیار کرد و پێیگوت، ئەو پیلانێکی لە دژی بابەک و هاوەڵانی هەیە. پاشان فێڵی لە عیسمەتی کوردی خاوەنی مەرەند[١] کرد، کە عیسمەت لایەنگری بابەک بوو، کچی عیسمەتی کردە خێزانی خۆی و چووە لای عیسمەت لە مەرەند. دواتر عیسمەتی لەگەڵ پیاوەکانی لەماڵی خۆی دەعوەت کرد و مەی و شەڕابی پێدان، کە سەرخۆشبوون، ئەوانی بردە ناو قەڵاکەی کە ناوی شاهی بوو، دواترعیسمەتی دەستگیرکرد وناردییە لای موعتەسەم.(صدیقی،١٣٧٢هـش: ٢٩٩ ).کە بابەک کەوتە ناو گەمارۆی سوپای بەغداد زۆر بێچارە و تەنگەتاو بوو، بۆیە نامەیەکی بۆ ئیمپراتۆر تیئوفیل نووسی، ئەویش بەڵێنی هاوکاری پێدا. (نفیسی، ١٣٨٨هـش:٥٧)

له ساڵی (٢٢٣ک/٨٣٧ز) تیئوفیل لەسەر ئەو بەڵێنەی بە بابەکی دابوو لەشکرکێشی کردە سەر سنووری دەسەڵاتی خەلافەت و ژمارەیەکی زۆری موسڵمانانی کوشت و زیاتر لە هەزار ژنیشی بە دیل لەگەڵ خۆی برد. (طوسی، ١٣٧٧: ٢٨١؛ نفیسی، ١٣٨٨هـش: ل٥٧)بەم شێوەیە ئەم بزووتنەوەیە مەترسیدارەش لەنێو برا، کە نزیکەی بیست ودوو ساڵی خایاند (دویدار،١٩٨٧:٧٠)، لەناوبردنی بابەک بە یەکێک لە سێ سەرکەوتنە گەورەکەی موعتەصەم دەژمێردرێ، کە ئەگەرئەو سەرکەوتنانە نەبوونایە ئیسلام ڕۆیشتبوو.(طوسی، ١٣٧٧: ٢٨٤)

حەمزە کوڕی ئازەرەک(٢١٣ک/ ٨٢٨ز):کوڕی ئازەرەک(فندق،بیتا:٤٤-٤٥)ناسراوبە حەمزە خارجی (سیستان،١٣١٤: ١٥٦-١٦٠)، لایەنگرانی ئەو لەو خەڵکە ناڕازییانەی دژی خەلیفە پێکدەهاتن، ئەو توانی سوود لەو ناڕەزایەتییەی خەڵکی خوراسان وەربگرێت کە بەهۆی ستەم و زۆریی عەلی کوڕی عیسا ماهان کە لە خەڵکی دەکرد، خەلیفە هارونە ڕەشید(١٧٠ - ١٩٣ ک/ ٧٨٦ - ٨٠٨ ز)، کە زانی والییەکەی ستەمی کردووەبەناچاری لە سەرکاری لابرد و خۆی ڕووی کردە خوراسان وهەرلەوێش مرد (١٩٣ک/ ٨٠٨ز )گۆڕەکەیشی هەر لەوێیە (مجهول،حدود العالم، ١٣٥٢: ٥٦)، سەبارەت بە مردنیسەرچاوە ڕەسەنەکان هاودەنگ و کۆکن،بەڵام جیاوازییان لەسەرچۆنیەتیی مردنەکەی هەیە (گردیزی، ١٣٦٣: ٤٤٣؛مجهول،١٣١٤: ١٨٠).

## تەوەرەی دووەم: هۆکاری سەرهەڵدانیبزووتنەوەکانی دژی خەلافەتی عەبباسی

کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵیان هەبووە لە سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەم ڕاپەڕینانە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**١_سیاسی:**بەشێک لە ڕابەری ڕاپەڕینەکان ئارەزووی ئەوەیان هەبوو شکۆمەندی بۆ فارسەکان و ساسانییەکان بگەڕێتەوە.لەم ڕووەوە پێیان شکست بوو کە عەرەبێک پێش هاتنی ئیسلام لەژێر دەستی ئەوان بووبێت ئێستا حوکمی ئەوان بکات. مازیار و ئەفشینیش پەیمانیان بەیەکتر دابوو کە دەوڵەتی عەرەبی بڕوخێنن و ڕادەستی ماڵباتی کیسرای بکەنەوە.(زرین کوب،١٣٣٠هـش: ٢٣٣)

خەلیفەکانی عەباسی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دیوان و دەوڵەتدا نەیاندەتوانی ڕەگەزی عەرەب لە بەرچاونەگرن، عەرەبیان لەسەر کارەکان دادەنا و بە مەبەستی حوکمڕانی لە ویلایەتەکانی ئێران، دەنێردران بۆ ئێران. ئەوحاکموفەرمانڕەوایانەهەرگیزجێگای ڕەزامەندی نەبوون.(صدیقی،١٣٧٢هـش:٧٣،٧١)

هۆی سیاسی لە پشت هەردوو شۆڕشی بابەک ومازیارەوە دەبینرێت، کە لەپشت پەردەی ئاینەوە هەوڵدراوە ئامانجە سیاسییەکان بەدیبێنن، فارسەکان ئارەزوویان ئەوەبوولە خەلافەت دووربکەونەوە تا بگەن بە دوا داواکاریی خۆیان، هەڵچوون و خۆتووندکردنەوەیان لەخۆنیشاندا، هەندێک لە فارسەکان باوەڕیان بە خوڕەمییە هێنا بۆ ئەوەی دژایەتیی فەرمانڕەوای عەرەبی پێبکەن. (ئەلعەرشی،٢٠١٠: ل١٢٠)

لەوەش زیاتر بەهێزبوونی ڕاپەڕینی بابەکی خوڕەمی، هۆکارەکەی ئەوە بوو خەڵکی ئازەربایجان نەیاندەویست بکەونە ژێر زوڵم و ستەمی بەشێک لە فەرمانڕەوای خەلیفە، بۆیە زۆر پەست و تووڕەبوون و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئەو ناوچەیە پەیوەندییان بە سوپای بابەکەوە کرد. ئەم هەنگاوەش بە سوودی سیاسیی بابەک شکایەوە و شەرعیەتێکی نێوخۆیی وناوچەیی وەرگرت.(اشپولر،١٣٤٩: ١٠٤)

بزووتنەوەکان هەمیشە سەروەری ڕابردوو و لەدەستچوویان، وەک ئامرازێکی سیاسی بەکاردەهێنا بۆ ئامانجەکانیان، بۆیە لەسەردەمی خەلیفە مەئموون(١٧٠-١٩٣ک/٧٨٦-٨٠٨ز)بزووتنەوەیەکسەریهەڵداکە مەترسیدارترین بزووتنەوەی فارسی بەزەندیقکراو بوو، ئەویش بزووتنەوەی بابەکی خوڕەمی بوو، کە سەر بە تایفەی بابەکی خوڕەمی بوو، کە هەوڵی هێنانە سەرکاری پادشای بۆ عەجەم دەدا.(دویدار، ١٩٨٧: ل٦٧)

ئاین لە لایەن دەستەڵاتدار و شۆڕشەکانەوە وەک ئامرازێک بۆ مەرامی سیاسی بەکارهێنراوە، دەبینین خەلیفە ئەبوجەعفەری مەنسوور لە وتاری هەڵبژاردنی خەلیفەدا گوتی: ئەی خەڵکینە من بە ویستی خودا کارەکانم ئەنجام دەدەم، من ئەوە دەکەم ئەوەی خودا دەیەوێت. (دێوانە، ٢٠١٤: ل٩٦)

بۆیە یەکێک لە نووسەرە فارسەکان دەڵێت: ئەم هەموو ڕاپەڕینانە لەژێر هەر دروشمێک بن، تەنها یەک ئامانجیان هەبوو، ئەویش ڕزگاربوون بوو لەو دیلییە پڕ ئازارە، کە هەموو جۆرە زەلیلی و زەبوونییەکی بۆ ئێرانییەکان تێدابوو،بۆیە لە دەوری سەرکردە قارەمانەکانیان کۆببوونەوە. (زرین کوب،١٣٣٠هـش: ١٣٥)

لەباربوونی زەمینەی سیاسی و بەردەوامبوونی ناڕەزایی گشتی خەڵک لە دەسەڵات، خەڵکی لە هەموو چین و توێژەکانەوە بە خاکەناز و بیور و دارەوە بە بزووتنەوەی ئوستادسیس پەیوەست کرد. ئەو خەڵکە بەهۆی ناڕازیبوونیان لە حکومەتی عەباسی و هەبوونی دەرفەتی لەبار دەستیان بە شۆڕشکرد.(صدیقی ١٣٧٢هـش: ١٩٦)

هەندێکجار خەلیفەکانیش سوودی سیاسییان لە ڕەفتاری نابەجێی فەرمانبەر و کاربەدەستەکانیان دەبینی، ئەوەتا خەلیفە سیاسیانە لە کێشەی خەڵک لەگەڵ عەبدولجەباری ڕوانیوە.عەبدولجەبار کوڕی عەبدولڕەحمان ئەزدی کە والی خوڕاسان بوو، زۆر بە توندی و ڕەقی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوشت و زۆریشی زیندانی کرد. ئەرکی خەڵکی خوڕاسانی زۆر قورس کرد بە دانانی باج و سەرانە لە سەریان، خەڵکەکە نووسراوێکیان نارد بۆ خەلیفە کە عەبدولجەبار زوڵم و ستەمیان لێ دەکات، خەلیفە مەنسوور هەستی بەمە کردبوو، دواتر وتبووی عەبدولجەبار گەل و هۆزی ئێمەی لەناو برد.(دیوانە ٢٠١٤: ل١٠٢)

ئەوە بڕاوەتەوە کە سەرهەڵدانی ئوستادسیس هەروەک ڕاپەڕینی سنباد لایەنی سیاسی هەبوو. (زرین کوب،١٣٣٠هـش: ل١٤٧)

ئەو ناوچانەی دەبنە مەڵبەندی شۆڕش و بنکەی ڕێبەری ڕاپەڕینەکان و بیروباوەڕێکی تایبەت بە ناوچەی شۆڕشەکانەوە، دەخرێنە خزمەتی شۆڕش و سیمایەکی سیاسیانە بەخۆوە دەگرێت. دەبینین شۆڕش و ڕاپەڕینە ئازادیخوازەکانی خەڵک هەر بەردەوام بوون، یەکێک لەو ڕاپەڕینانە بزووتنەوەی ئوستادسیس بوو، کە لە لایەنی هزری و شۆڕشگێڕییەوە گرنگ و بێهاوتا بوو.(حبیبی،١٣٦٣هـش: ٣١٨)

ڕزگاری و ئازادیی میللەت بنەما و هۆکارێکی گرنگی سیاسیی ڕاپەڕینەکانە، وەکو بینرا بە کوشتنی ئوستادسیسیش گڕ و کڵپەی شۆڕش دانەمرکایەوە، خەڵکی خوڕاسان لە بەرهەڵستیکردنی ئەو زوڵم و ستەمەی لێیان دەکرا لەلایەن بەشێک لە کاربەدەستەکانی خەلافەتی عەبباسی هەر بەردەوام بوون، لە ڕاستیدا بزوێنەری بەهێز و هەرە بەجۆشی تەواوی ئەو سەرهەڵدان و بزووتنەوانەی لە خوڕاسان ڕوویاندا، هەستی بەهێز و

توونـدیی ئـازادیخوازانەی مـیللەت و خەڵـکەکەی بـوو.(حبیبـی،١٣٦٣هـش: ٣٢٠)

ئەفشین هاوڕێیەتییەکەی لەگەڵ مازیار و بابەک بۆ قازانجی سیاسیی خۆی بەکارهێناوە،ئەفشین کە برادەرایەتی لەگەڵ مازیار و بابەک هەبوو، بە نهێنی لە پێناو لادانی خەلافەتی بەغداد هاوکاری ئەوانی دەکرد. چەند ساڵی دواتر کە مازیار دەستگیر کرا، دانیبە هەبوونی ئەو پیلانەی ئەفشین دانا، ووتبووی: من و ئەفشین خەیدەر کوڕی کاوس و بابەک لە کۆنەوە پەیماننامەمـــان لە نێوانـــدا هەبـــوو، کە دەوڵەت لە دەســـتی عەرەبەکـــان دەربێنـــین و پادشـــایەتی بـــۆ بنەمـــاڵەی کەســـرەویان بگـــوازینەوە.(زرین کوب،١٣٣٠هـش: ٢٠٢)

لێـــرەدا هەنـــدێک هۆکـــار هـــەبوون بـــۆ دەرکـــەوتنی مازیـــار. وەک، پەیوەندیکردنی بە بابەکی خوڕەمی و بۆی نووسیبوو ئامادەکاری بکات بۆ سەرکەوتن. هۆکاری ڕاستەوخۆی جوڵانەوەکە بریتی بوو لە ئیرەیی پێبردنـی ئەفشـین بـە عەبـدوڵای کـوڕی تـاهیر و ڕکابەرایـەتی کردنـی، لەبەرئەوەی تەماعی لە ویلایەتی خوڕاسان دابوو.(دێوانە، ٢٠١٤: ١١٣)

کـــــارکردنی ســـــەرکردەکان لەســـــەر تەوەری نەتەوەیـــــی و بەرجەستەکردنی لەخزمەتی سیاسەتدا، یەکێک بووە لە خەسڵەتی ڕەوشی سیاســی ســەردەمی عەباســییەکان. کــوڕی ئەســفەندیار لــە مێــژووی تەبەرستاندا دەڵێت: مەبەستی ئەوان ئەوە بوو پادشایەتی و جیهانداریەتی بـۆ ماڵبـاتی کەسـرەوییەکان بگەڕێننـەوە و خەلـیفە موعتەسـەم(( ٢١٨ – ٢٢٧ک/ ٨٣٣ – ٨٤١ز) وکوڕەکـــانی لەنـــاو ببەن.(اســـفندیار، ١٣٦٦ هـش:٢٢٠٢٢١؛ نفیسی، ١٣٨٨ هـش: ٥٧)

ڕاپەڕینە نەژادی و نەتەوایەتییەکان خۆی لەخۆیدا لایەنی سیاسی بەخۆیەوە دەگرن. یەکێک لە گەورەترین بزووتنەوەکان کە خەڵکی ئێران لە سەدەی دووەم وسێیەمی کۆچی دژی نەهێشتن و بڕینی دەستی عەرەبەکان بەرپایان کرد،بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان بوون، تەنها هۆکاریش دەستبردنی عەرەبەکان بوو بۆ ئێرانی زیندوو، تا نزیکەی (١٠٠) ساڵ هەندێک ناوچەی خوراسان و( ماوراء النهر)[٢] لە مەیدانی جەنگ قارەمانانە جەنگان و تەبەرستان[٣] و گەیلانیش[٤] تا ساڵی(٢٠٠ک/٨١٥ز) نەیانهێشت پێی بێگانە بگاتە ناو خاکی باوک و باپیرانیان.(نفیسی، ١٣٨٨هـش:٥)

ئامانجەکانی مازیار سەربەخۆ کردنی حکومەتەکەی بوو، کە داوای وڵاتێکی سەربەخۆی دەکرد، بۆیە لەدژی خەلیفەی بەغدا شۆڕشی کرد وسوودی لە هۆکارە سیاسییەکان بینی. بە خوێندنەوە وشرۆڤەکردنی ئەم بابەتە ئەم ئامانجەت بە ڕوونی بۆ بە دیاردەکەوێت. (زرین کوب،١٣٣٠هـش: ٢٢٧)

فرتوفێڵ و مەبەستی سیاسیی دیاریکراو لە هەندێک ڕاپەڕینی ئێرانییەکاندا تەنانەت لەناو سەرکردەی شۆڕشەکان خۆشیان دەبینرێت، بۆ نموونە  لە سەرەتای ڕاسپاردنی ئەفشین بۆ شەڕکردن لە دژی بابەک، ئەوە بوو ڕۆژگارێک ئەفشین جەنگی لەگەڵ بابەک کرد و لە خستنی بابەک شکستی هێنا (نەیتوانی لەناوی ببات)، خەلیفە موعتەسەم وای بیرکردەوە، کە ئەفشین توانای بابەکی نییە، ویستی تاهیرییەکان بێنێتە ناو ئەو کارەوە، ئەفشین کە بینی ئەگەر تاهیریەکان زاڵ بن بەسەر بابەکدا، ئەوا هەژموون و دەستەڵاتیان لە کۆشکی خەلیفە زیاتر دەبێت، لەپێناو ئەوەی ئەو هێز و توانایە نەکەوێتە دەستی دوژمنەکەی (تاهیرییەکان)،

هەموو هێزی خۆی لە جەنگدا خستەکار و ناچار بابەکی کردە قوربانی بەهێزبوونی خۆی و لاوازکردنی دوژمنەکەی.(نفیسی، ١٣٨٨هـش: ٥٩)

٢- **کۆمەڵایەتی**:ئەو ڕێبەرانەی کوشتنی ئەبومسلمی خوڕاسانیان کردبووە بیانوو بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕینەکانیان، بە پاڵنەری کۆمەڵایەتی دێتە ئەژمار. ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینانە سوودیان لە خۆشەویستی ئەبومسلم لەناو چین و توێژەکانی خەڵک وەرگرتبوو، بۆیە هێزگەلی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆکردبووەوە. جا ئەو هۆکارە بەهێزتر دەبوو کاتێک ڕێبەری ڕاپەڕینەکە، (وەک سونباد و ئیسحاق ترک) لە هاوەڵان و بانگەشەکارانی ئەبومسلم بوونایە. بێگومان ئەمەش هەستی تۆڵەسەندنەوەی لەناو ڕاپەڕینەکە بەهێزتر و توندتر دەکرد. خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە ئەو ڕاپەڕینانە زۆرترینیان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران و بە تایبەتی لە ناوچەکانی سەر بە خوڕاسان بەرپا دەبوون، کە زێد و نیشتمان و واری سەرەکیی ئەبومسلم بوو. هۆکاری زۆر خۆشویستنی ئەبومسلمیش، دەتوانرێت بە هۆکاری کۆمەڵایەتی دابنرێت، چونکە ئێرانییەکان ئەبومسلمیان بە فریشتەی ڕزگارکەری خۆیان و فریادڕەس لە ستەمی ئەمەویەکان و کاربەدەستەکانیان دەزانی، نەک هۆکارە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، کە پێیەوە پەیوەست دەبوون بە کوشتنی دێوەزمەی دەستی عەرەب بەسەر ئێراندا و دەستپێکردنی ئەو زوڵم و ستەمەی کە پێش ئەمەویەکان چێشتبوویان. لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانرێت کاریگەری و هەژموونی هەندێک بیروباوەڕی، وەک کۆپیبوونی ڕۆح(گیانڕۆی) لەنێوان هەندێک لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکان، (بۆ نموونە ڕاوەندییەکان)دا ببینرێت. بۆیە ڕێبەری ڕاپەڕینەکان لە بەکارهێنانی ئەم چەکە دەیانتوانی کەسایەتیی خۆشیان خۆشەویست بکەن، واتە خۆشەویستیی ئەبومسلم لە خۆیاندا درێژە پێبدەن و ڕۆحەکەی لە قاڵبی ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینەکانی خۆیاندا جێ بکەنەوە و بەردەوامی پێبدەن. هەروەها بیروباوەڕی توانەوە لە جەستەی

ڕێبەری ڕاپەڕینەکان، دەکرێت ئەویش بە هۆکاری کۆمەڵایەتی دابنرێت، چونکە لەلای خەڵک ژیانی ئاسایی و بە تایبەتی ژیانی ڕێبەری ڕاپەڕینەکان، ئەو جۆرە بیروباوەڕانە گرنگیی خۆیان هەبوو، کە لایەنی حەڵاڵکردنی حەرامکراوەکانی تێدا بوو، بۆیە بیروباوەڕی مەزدەک، کە هاوبەشیکردن لە ئافرەتان و ئازادبوون لە وەرگرتنی تام و چێژ لە بابەتە شەهوانییەکان و کارکردن بە چاکە و دوورکەوتنەوە لە مرۆڤ کوشتن و زیان نەگەیاندن بە خەڵک، دەکرێت بزوێنەرێکی گونجاو بێت بۆ ڕاکێشانی چین و توێژەکانی خەڵک بۆ لای خۆیان. (فروشانی، ١٣٩٥: ٦٧ )

یەکەمین خەلیفەی عەباسی نەک هەر مەیل بەڵکو لە جلوبەرگ پۆشینیش لاسایی ئێرانییەکانی دەکردەوە، دەکرێت بوترێت خەلیفەکان لە بوارەکانی کارگێڕی و هونەری و تەندروستی و زانستی، پێویستیان بە ئێرانییەکان هەبوو. ئەمەش دەکرێت وەک هۆکارێکی کۆمەڵایەتی دابنرێت و خەلیفەکان سەرنجی ئێرانییەکانیان پێ ڕاکێشاوە.(صدیقی،١٣٧٢هـش:٧١)

بێگومان خۆشییە کۆمەڵایەتییەکان شاگرد و موریدانی موقەنەعی هانداوە تا دێهات و گوندەکان تاڵان بکەن، مەزهەبیان ئەوە بوو کە نوێژ نەکەن و ڕۆژوو نەگرن و غوسلی جەنابەت دەرنەکەن، بەڵام دەستپاک و ئەمانەتپارێز بن. هەروەها دەیانگوت کە ژنەکانیان بۆ یەکتر حەڵاڵە و دەیانگوت: ژن وەک گوڵ وایە، کە بۆنت کرد هیچی لێ کەم نابێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆکاری کۆمەڵایەتی بۆ ڕاپەڕینەکان.(نرشخی،١٩٩٣: ١١٠؛حبیبی،١٣٦٣هـش: ٣٢٥)

ئاوێتەکردنی بڕوای ئاینی و خۆشییە بێسنوورە جەستەییەکان ژمارەی خەڵکی ڕاپەڕیوی زیاتر کرد، بەوەی بەرجەستەبوونی خودا لە موقەنەعدا ئەم دەرهاوێشتانەی هەبوو: بە حەڵاڵ زانینی خوێن و ماڵ و منداڵەکانی ئەو کەسانەی کە باوەڕی پێناهێنن، ئاسانکاری کردن بۆ

ئافرەتی بەمێرد کە ڕێیان پێدەدات جگە لە هاوسەرەکەی لەگەڵ پیاوی دیکەش پەیوەندی ببەستێت، حەڵاڵ کردنی حەرامکراوەکان و وازهێنان لە فەرزە ئاینیەکانی وەک نوێژ و ڕۆژوو. (صدیقی ١٣٧٢هـش: ٢٢٤)بە لادانی ئەرکە ئاینیەکان کە بە لایەنێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، موقەنەع توانی خەڵکێکی زۆر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، ئەویش بە ڕێگای نەهێشتنی ئەرکە شەرعییەکان و بانگەشەکردن بۆ مەزدەکییە و شیوعیەت لە ماڵ و ئافرەت.(دویدار، ١٩٨٧: ٦٦)

خۆشنەویستن دەردێکە دەرمانی نییە، خوڕەمدینەکانی خەڵکی بابەکیش عەرەب و دەستەڵات و ئاینەکەشیان نەدەویست، هۆکاری درێژەکێشانی حوکمی بێگانەش ناڕەزایی لایەنگرانی بابەکی لێکەوتەوە کە ئامادەنەبوون جارێکی دیکەلەژێردەستی عەرەبەکاندا بژین، ئەمەش وایکرد بەردەوام فەرماندە سەربازییەکانی موسڵمانان ڕووبەڕووی شکست ببنەوە.(زرین کوب،١٣٣٠هـش: ٢٠٢)

یەکێک لەهۆکاری ڕاپەڕینەکان سوودوەرگرتنە لە کێشەکانی ناو بنەماڵەی خەلافەت، بۆ نموونە شۆڕشی بابەک توانی ئاڵای یاخیبوون لە دژی دەوڵەتی عەباسی لەساڵی (٢٠١ک/٨١٦ز) بەرزبکاتەوە و ناکۆکی نێوان خەلیفە ئەمین (١٩٣–١٩٨ک/ ٨٠٨ – ٨١٣ ز) و مەئموون بقۆزێتەوە. (دویدار،١٩٨٧: ٦٩)

دەمارگیریش وەک هۆکارێکی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێت، ئەمەش بەدیار دەکەویت لەلایەنی نەژادپەرستییەوە، ڕاپەڕینی سنباد زیندووکردنەوەی حکومەتی ئێران بوو لە بەرانبەر حکومەتی عەرەبی. (پورزارع، ١٣٩٢هـش: ٧٠)

ئەوەی بۆمان ڕوون بۆتەوە ئەوەیە، کە خەڵکێکی زۆری ئێرانی لە حکومەتی عەباسی ناڕازی بوون،کۆبوونەوەی ئێرانییەکان لە دەوری جەهوری کوڕی مرار° کاتێک دژی خەلیفە وەستایەوە و پەیوەست بوونی ئێرانییەکان بە ئەبومسلم و بە ئاینە کۆنەکەشیان، هەرچەندە لە ڕووی بیروباوەڕەوە تەواو وەک بیروباوەڕی ئێرانییەکانی سەردەمی ساسانییەکان نەبوون، پەیڕەوکارانی سنباد لەدوای لەناوچوونیشی هەر بۆی وەفاداربوون.(صدیقی ١٣٧٢هـش:١٨٥)

چەوساندنەوەی چینی هەژاران لەلایەن دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکانەوە دەکرێت وەک لایەنێکی کۆمەڵایەتی بە هۆکاری ڕاپەڕینەکان ببینرێت، هەندێک لە فارسەکان باوەڕیان بە خوڕەمییە هێنا بۆ ئەوەی دژایەتیی فەرمانڕەوای عەرەبی و دژایەتیی دەرەبەگە فارسە دەوڵەمەندەکانی پێبکەن کەوا هەژارەکانیان دەچەوساندەوە.(ئەلعەرشی،٢٠١٠: ١٢٠)

ئازادی وەک بەشێک لە سروشتی کۆمەڵایەتیی تاک، هەمیشە سنووری ڕاپەڕینەکانی فراوان کردووە، وەک دەبینین خوراسانییەکان کە لە ئەنجامی جەنگی فتوحات لە نیعمەت و خۆشی و ئازادی و سەربەستی بێبەش ببوون، بە دەرکەوتنی ئەبومسلم خەڵکەکە تامەزرۆی ئازادی بوون و بە هیوای بەدیهێنانی خەونە لەمێژینەکەیان بوون.(حبیبی،١٣٦٣هـ .ش: ٣٠١)

لایەنی شارستانیەت و ئاین و ڕۆشنبیری وەک بەشێک لە پەیکەری کۆمەڵایەتی، ڕاپەڕینەکان پایەدار دەکەن، لە شۆڕشی خوراسانییەکانیش شتی گرنگ و کاریگەر هەبوون، ئەویش بوونی هەستی پاراستنی کاروباری نەتەوەیی وشارستانیەت و ڕۆشنبیری لەگەڵ ئاینە کۆنەکانیان ببوونە ئامراز و کەرەستەی شۆڕش کردن و ڕاپەڕین، ئەمەش دەبووە

هـۆی پڕوپاگەنـدە کـردن لە دژیـان، لەکاتێکـدا تەنیـا هۆکـاری سـەرەکی، جیاوازی سیاسی بوو. (حبیبی،١٣٦٣هـش: ٣٣٤)

**٣- ئاینی:**پاڵنەرە ئاینیەکان، دەکرێت بەسەر هەردوو لایەنی نائیسلامی و ئیسـلامیدا دابەش بکرێت. پـاڵنەر و هۆکـارە نائیسـلامییەکان دەکرێت لە ڕاپەڕینی ئوستاد سیسدا ببینرێت، کە ئامانجەکەی چاکسازی کردن بوو لە ئـاینی زەردەشـتی، هەرواشـی ڕاگەیانـدبوو. هەروەهـا دەکرێت کـاریگەریی هەندێک بیروبـاوەڕی چاکسـازیی ئاینی بەباشـی و بە ڕوونـی ببینرێت. بە تایبەتی خەڵکی گوندەکان، کە وایکرد کەسـێکی وەک ئیسـحاق ترک، خۆی بە عەلەوی لەقەڵەمبدات و ڕەچەڵەکی خۆیشی بباتەوە سەر یەحیای کوڕی زەیـد، و ناچـاریش بـوو بە بانگەشـەی زینـدووبوونی زەردەشـت و ڕاسـپاردنی خـۆی لەلای ئەوەوە، خەڵـک لەدەوری خـۆی کۆبکـاتەوە. ڕاپەڕینی شورەیک کوڕی شێخ مهر لە بوخارا، یەکەم ڕاپەڕینی ئاینی دژی عەباسـییەکان، دەکرێت بە هۆکـاری ئـاینی دابنرێت. فروشـانی دەڵێت، ئەو ڕاپـەڕینە ڕاپـەڕینی شـیعەکان بـووە بە مەرامـی گەیشـتنبە حکـومەت و دەسەڵاتی نەوەکانی پێغەمبەر(د.خ). گریمانەی ئەم گوتنە بەلەبەرچاوگرتنی کۆبـوونەوەی ئەو ژمـارە زۆرەی خەڵکـی (مـاوراء النهـر) بـوو لە دەوری، بەتـایبەتی خەڵکـی بوخـارا، دەکرێـت ئەمە بە نیشـانەی کـاریگەری وەهەژمورنی بیروباوەڕی عەلەوییەکان دابنرێت.(فروشانی،١٣٩٥: ٧١)

بێبەری کردن و ترساندنی خەڵکی سادە و ڕەشوڕووت لە ئاینەکەیـان و (بێـدینکردنیان) ڕوویەکـی تـری ڕاپـەڕینی ئێرانییەکـان بـوو، ژنەکەی جاویدان کە ئاشقی بابەک بوو گوتی: هەر کەسێک بە بابـەک ڕازی نـەبێت، بێدین و بێئاینە. دواتر خەڵک دەستی بابەکیان ماچ کرد و قەبووڵیان کرد. (نفیسی، ١٣٨٨هـش: ١٠)

بابەک ئیلهامی هێزی شۆڕشەکەی لە ئاینە کۆنەکەی کە خوڕەمیە بوو وەردەگرت،بابەک ڕەسەنایەتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شاقوبادی ساسانی (٤٨٧-٥٣١ز). مەزدەک کوڕی بامدادان سەرۆکی ڕووحانیی ئاینەکە بوو. نوشیروان مەزدەکی لە ساڵی (٥٢٩ز) کوشت. دواتر هاوسەری مەزدەک کە ناوی خورمە کچی فاردە بوو، چووە گوندی ڕەی و خەڵکی بۆ ئاینی مەزدەک بانگ کرد، دواتر ئاینەکە بە خوڕەمەدین ناوبانگی دەرکرد.(نفیسی، ١٣٨٨هـش: ١٢)

زۆربەی ئاینەکان بەهۆی دابینبوونی ژیانی ڕۆژانە و دروستنەبوونی مەترسی لەسەریان، لە سەرەتادا لە شارەکان بڵاودەبنەوە. لەسەردەمی عەباسی، ئاینی ئیسلام لە ویلایەتەکانی خۆرئاوا وناوەندی ئێران وەک ویلایەتەکانی ئازەربایجان وکوردستان وخۆزستان ئاینی ئیسلام زیاتر بڵاوببووەوە. لە هەرێمی فارس ئاینی ئیسلام ئەو هێزەی نەبوو، ئاینی ئیسلام لە کرمان بێ ڕەونەق نەبوو، بەڵام لە بەشە باکوورەکەی و لە (ماوراء النهر) هەردوو ئاینەئێرانییە کۆنەکەزۆر بە توندی ململانێ و بەرهەڵستی ئاینی ئیسلامیان دەکرد. بەشێوەیەکی گشتی لە ویلایەتەکانی ئێران، ئاینی ئیسلام لەناو خەڵکی شارنشیندا بڵاوبوو، بەڵام خەڵکی گوندەکان زیاتر لەسەر ئاینی بابوباپیرانیان بوون.(صدیقی،١٣٧٢هـش: ٦٨،٦٩)

گەڕان بەدوای کەلێن و دەرفەتێکدا یەکێک بووە لە ئامانجە شاراوەکانی ناو سینەی ڕێبەرە ئێرانییەکان تا بەم هۆیەوە ئاینە کۆنەکەیان زیندوو بکەنەوە، سنباد لەسەر ئاینی مەجوسی بوو، بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کەلە دوای کوشتنی ئەبومسلم بەو جۆش و خرۆشەوە لە پێناو خوێنی ئەبومسلم سەرهەڵدان پێکبێنێت. (زرین کوب،١٣٣٠هـش: ١٣٨)

بەکارهێنـــانی نیشـــانەئاینییەئێرانییە کۆنەکـــان لە شۆڕشـــەکاندا دیاردەیەکی باوی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی سەردەمی یەکەمی عەباسی بوو، سونباد کە ژمارەیەکی زۆری لە مەجوسییەکانی تەبەرستان و مەزدەکییەکان و ڕافیزەکان کۆکردەوە، پێی گوتن: ئەبومسلم نەکوژراوە، بەڵکو لەگەڵ مەهدی و مەزدەک دانیشتووە و هەرسێکیان دەردەکەونەوە، و لە سەرەتا ئەبومسلم دێت.(حبیبی،١٣٦٣هـ .ش: ٣٠٢)

یەکەمین بزووتنەوە کە ڕاستەوخۆ دوای مەرگی ئەبومسلم لە خوراسان ڕوویدا، بزووتنەوەی سنباد بوو. ئەو خۆی وەک چاکسازیکارێکی ئاینی زەردەشتی پیشان دەدا. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە بەکارهێنانی ئاین بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەهێزترین شێوازی ئەو کاتە بوو.(اشپولر،١٣٤٩: ٨٢)

بەڵگە لەسەر بەکارهێنانی هۆکاری ئاینی لە شۆڕشی موقەنەعدا، ئەوە بوو دەمامک دانانەکەی بەکاریگەریی ئاینی زەردەشتی بووە و دوور نییە ئەم دەمامک کردن و ڕووخسار داپۆشینەی موقەنەع، چاولێکەری و لاسایی کردنەوەی پەنام، (لەسەر وەزنی کەلام)ی زەردەشتییەکان بێت، کە گەورە و بەرپرسە ڕوحانییەکانی زەردەشت دەمامکێکیان بەم ناوە، ناوی پەنام، لە میانەی ئەنجامدانی مەراسیمی ئاینی خۆیان بەکار دەهێنا، بۆ ئەوەیئاگری پیرۆزیی هەناسە و هەڵمی دەم و زاریان پێنەگات.(حبیبی،١٣٦٣هش: ٣٢٦)برەو و ڕەواج دان بە ئاینەکەی خۆت وسەخت و قورس پیشاندانی ئاینی نوێ ئاینی ئیسلام و سووککردن و هەڵگرتنی ئەرکە ئاینییەکان توانی خەڵکێکی زۆر لەدەوری موقەنەع کۆبکاتەوە، ئەویش بە ڕێگای نەهێشتنی ئەرکە شەرعییەکان و بانگەشەکردن بۆ مەزدەکییە و شیوعیەت.(دویدار، ١٩٨٧: ل٦٦)

ئاشنا نەبوون بە ئاینی نوێ و تێنەگەیشتن لێی و باوەڕبوون بە خورافات، بازاڕی موقەنەعی گەرم کردبوو، کە بیروباوەڕی موقەنەع بریتییە لە بەرجەستە بوونی خودا لە شێوەی پێغەمبەراندا، یان بە واتایەکی دی توانەوەی خودا لە جەستەی موقەنەعدا، بەرجەستەبوونی خودا لە ئەودا چەندین دەرهاوێشتەی هەبوو.(صدیقی ١٣٧٢هـش:٢٢٤)

ئیتر دەستبەردان لە ئاینی بابوباپیران و وەرگرتنی ئاینی نوێ بۆ خەڵک پێشهاتێکی نوێ و گران بوو، بۆیە پەیڕەوکارانی موقەنەع هەر لەو کاتەوەش لە هەموو گوندەکانیان مزگەوت هەیە، بەڵام نوێژی تیایدا ناکەن، کەچی بانگدەرێک بەکرێ دەگرن تاکو بانگ بدات و خواردنی گۆشتی مردار و بەراز بۆ خۆیان بە حەڵاڵ دەزانن و هێشتا خەڵکانێک ماوە لەساڵی (٥٢٢ک/١١٢٨ز) لە کش[٦] و نەخشەب[٧] کە هیچ دەربارەی موقەنەع نازانن، بەڵام لەسەر ئاینەکەی ئەون، مەزهەبیان ئەوەیە نوێژ ناکەن و ڕۆژوو ناگرن و غوسلی جەنابەت ناکەن، بەڵام زۆر پابەندی ئەمانەتن.(نەرشەخی، ١٣١٧: ١١٠)، و(صدیقی ١٣٧٢هـش: ٢٢٩)

ڕاپەڕینی ئوستادسیس تەنها پەیوەندی بە داواکردنی خوێنی ئەبومسلمەوە نەبوو، بەڵکو لەپێناو نوێکردنەوە و چاکسازیی ئاینی زەردەشتیش بوو.(زرین کوب، ١٣٣٠هـش:١٤٣)شۆڕشی ئوستادسیس وەک هەر شۆڕشیکی تری ئەو کاتە خاوەنی ڕەنگ و ڕووخسارێکی ئاینی بوو.(صدیقی ١٣٧٢هـش: ٢٠٦) ئوستادسیس مەجوسییەکی خوڕاسان بوو، داوای پێغەمبەرایەتی دەکرد و بە نیاز بوو ئاینی زەردەشتی زیندوو بکاتەوە.(پورزارع، ١٣٩٢هـش:٧٢) بزووتنەوەی ئوستادسیس یەکێکە لە بزووتنەوە ئاینی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کەلە دژی عەرەب و تەنانەت لەدژی ئیسلامیش بەرپا بوو.(صدیقی ١٣٧٢هـش:٧٣)ئەوە بڕاوەتەوە کە سەرهەڵدانی ئوستادسیس هەروەک

ڕاپــەڕینی ســنباد هەردوو لایەنــی ئــاینی و سیاســی هەبــوو، ئەوەشــیان نووسیوە، ئەو بانگەوازی پێغەمبەرایەتی دەکرد و هاوەڵانیشی بە ئاشکرا کوفریان دەکرد. (زرین کوب،١٣٣٠هـش:١٤٧)

خەڵــک هانــدان بــۆ ڕاپـــەڕین بەهەر شــێوەیەک بێــت کۆمەڵــەی ڕاواندییــەکان ئامــانجی سیاســیی هـــەبوو کــە لــەژێر پــەردەی ئــاینی دەیشاردەوە.(دویدار، ١٩٨٧: ٦٢)

لە لایەنــی بیروبــاوەڕ وعەقیــدەوە، ســنباد لە بنەڕەتــدا خــۆی لەســەر بیروبــاوەڕی خوڕەمییەکــان و مەزدەکییەکــان بــوو، کە لە ڕاســتیدا بزاقــی سنباد جــووڵانەوەیەکی زەردەشــتییان بــوو لە دژی موســڵمانان، کە نیــازی خــۆی وا دەرخســـت نیــازی وێرانکردنـــی کەعـــبەی هەیە. (پـــوورزارع، ١٣٩٢هـش: ٧٤)، یـــەکێک لـــە هۆکارەکـــانی بڵاوبوونـــەوەی ڕاپەڕینـــەکان بـــەکارهێنانی ئاینـــە کۆنـــەکانی ئێرانـــە، وەک مـــەزدەک یـــان بـــەکارهێنانی بیروبــاوەڕی شــیعەگەرایی وەک مەهــدی بــۆ نموونــە ســنباد بانگەشــەی ئەوەی کــرد کە ئەبومســلم نەکــوژراوە، بەڵکــو خەلــیفە مەنســوور کە هــاتە سەر ئەوەی بیکوژێت، ناوی خوای گەورەی هێنا و بووە کۆترێکی سپی و فــڕی و ئێســتاش لە نــاو قەڵایەکــی لە مــس دروســتکراودا لەگەڵ مەهــدی و مەزدەک دانیشـــتووە و هەرسێکیشـــیان دەردەکەونەوە، لە ســـەرەتادا ئەبومسلم دێت و نامەکەیشم پێگەیشتووە. ڕافیزەکان کە گوێیــان لە نــاوی مەهدی بوو، مەزەکییەکانیش کە گوێیان لە نــاوی مەزدەک بــوو، خەڵکێکی گەلێک زۆری لێ کۆبووەوە کە ژمارەیان گەیشتە سەد هەزار پیاو، کاتێک لەگەڵ گەبرەکان(زەردەشـــتی – مەجوســـی – کـــافر – ئاگرپەرســـت – ناموســـڵمان – مولحیــد) کۆبــووەوە پێــی ڕاگەیانــدن کە دەوڵەت بــووەتە عەرەبی، ئەمەشم لە کتێبەکانی بەنی ساسان دەرهێناوە، ناگەڕێمەوە تـا کەعبە وێران نەکەم کە لە جیاتی خۆر دەیپەرستن، ئێمەش وەک پێشوو

خـۆر دەکەیـنەوە بە ڕووگە و قیـبلەی خۆمـان و بە خـورەم ئاینەکـانی دەگوت، مەزدەک شیعە بوو با پێتان بڵێم دەستتان بدەنە دەستی شیعەکان و خوێنی ئەبومسلم بگەڕێننەوە.(صدیقی ١٣٧٢هـش:١٧٦،١٧٤)

خەڵکەکە پێیوابوو ئیسحاقی تورک جێنشینی زەردەشتە و ئیدیعای ئەوەی دەکـرد کە زەردەشـت زینـدووە. بەم شـێوەیە لە خوڕاسـان بانگەوازەکەی بە فراوانی بڵاوبووەوە.(زرین کوب،١٣٣٠هـش:١٥٧)

یەکێک لەهۆکارەکانی ڕاپەڕینەکان هۆکاری ئاینی (بەکارهێنانی ئاینی کـۆنی ئێرانـی) بـوو، بـۆ نموونـە بیروبـاوەڕی ئیسـحاق زۆر نـزیکە لە بیروبـاوەڕی لایەنگرانـی سـنباد، ئیسـحاق لە وڵاتـی (مـاوراء النهـر) کە تـــێکەڵەیەک بـــوو لە تـــورک و ئێرانییەکـــان بانگەشەیدەکرد.(صـدیقی١٣٧٢هـش:١٩٠)ڕاپـەڕینی ئیسـحاقی تـورک سەرەڕای کەمیی زانیاری لەسەری، کەچی لایەنە هەرە بەرچاوەکەی ئاینە، ئیسحاق ڕایگەیانـدبوو کە ئەبومسـلم نێـردراو و پێغەمـبەری زەردەشـتە. پەیڕەوکارانی ئیسحاق وەک پارێزەرانی بزووتنەوەی خوڕەمدین کە لقێک بوو لە گرووپی مەزدەکی زەردەشتی، دەرکەوتبوو.(پورزارع، ١٣٩٢هـش: ٧٦)

جلـوبەرگی سـپی لەلای هەنـدێک گـرووپ و تـایفە، جلـوبەرگی ڕووحانییەکـان بـووە ومانـەوییەکانیش بەهەمـان شـێوە جلوبەرگیـان سـپی بووە. گومانی تێدا نییە لەو ڕۆژگارەدا ژمارەی مانۆیەکان لە (ماوراءالنهر) گەلێک زۆر بووە، بۆیە جلوبەرگی سپیی لەناو پەیڕەوکارانی موقەنەعیشدا باو بووە. (زرین کوب،١٣٣٠هـش:١٦٢)

ئـاین وەک ئامـانجی سـەرەکی جـێگەی خـۆی لە هـزری بابەکـدا کردبووەوە، هەر لەپێناو بەردەوامیدان بە ڕاپەڕینی جاویدانی مەزدەکیش

بـابەک دەسـتی بە ڕاپـەڕین کـرد. (زریـن کـوب،١٣٣٠هـش:٢٠٢) بـابەکی خوڕەمدین پیاوێک بوو بڕوای بە خوا نەبوو، لەسـەر ئاینی مەزدەک بوو، قەدەغەکراوەکـانی بە حەڵاڵ دەزانـی، وەک بەحەڵاڵزانینـی هاوسـەرگیری کردن لەگەڵ مەحرەم.(میرخواند، ١٣٨٠هـش:٢٥٥٨)

ڕوونکـردنەوەی ئامـانجی ڕاپـەڕینی مازیـار کـارێکی قورسـە، چـونکە هەر پەیوەنـدی بەیەک هۆکـارەوە نەبـوو. چـونکە یەکێـک لە ئامانجەکـانی زینـدووکردنەوەی ئـاینی بـابەک بـوو کە پاشـماوەی ئـاینی مەزدەک بـوو. ڕاپەڕینەکەی لە سیمایئاینی خاڵی نەبوو.(زرین کوب،١٣٣٠هـش: ٢٢٧)

یـەکێک لـەهۆکارەکانی سـەرهەڵدانی ڕاپەڕینـەکانی بەشـێک لـەخەڵکی ئێران ئەوە بوو کەئاینی نوێیان قەبووڵ نەبوو، ئەگەر موسڵمانیش ببان لـە دڵەوە نەبوو، بۆیە لەدەرفەت دەگەڕان تا لـەئاینی ئیسـلام پاشـگەز ببنـەوە، بۆ نموونە لەسەردەمی مازیار کوڕی قاڕن کوڕی ونداد هرمز کە لەسـاڵی (٢٢٥ک/٨٣٩ز) کــوژراوە ئیســلامەتی بەتەواوەتــی و زۆر بە فراوانــی لە تەبەرستان بڵاوبووەوە، بەڵام مازیار کە لەسـەر دەستی خەلیفە مەئموون موسڵمان ببوو حەزی لە ئاینە نوێیەکە نەبـوو، لە ساڵی (٢١٨ک/٨٣٣ز) کە مەئموونتەبەرســتانی پێــدا، ژمــارەیەکی زۆر لــەموســڵمانانی خســتە زیندانەکانەوە و توندوتیژییەکی زۆری لەگەڵ کردن، گەیشتە ئەو ئاستەی ژمارەیەکیان لە زینداندا مردن و ئەوانی تریش لە ژیانێکی زۆر سـەختدا دەژیان.(صدیقی ١٣٧٢هـش: ل٨٢)

لە کاتی دادگاییکردنی ئەفشیندا هۆکاری ئاینی لە پشت سـەرهەڵدانی بـابەک و مازیـاردا خـۆی دەنوێنێت، کە مازیاریـان ڕووبەڕووی ئەفشـین کــردەوە، مازیـــار گوتـــوویەتی: نـــامەی بـــۆمن نووســـیوەداوای زینـــدووکردنەوەی ئـــاینی بـــابەک و خـــوڕەمی لێکـــردوومە. (زریـــن کوب،١٣٣٠هـش: ٢٤١)، ئاین بە ئاشکرا لە پشت مەرامەکانی ئەفشین بوو،

کاتێک دەستیان بە ژماردنی کەلوپەلەکانی ئەفشین کرد، وێنەیەکیان دۆزییەوە کە لە دار دروست کرابوو، بە زێڕ و جەواهیر نەخشێنرابوو، وێنەی بتەکانی لەسەر بوو، تیادا ئاین و مەزهەبی بتپەرستەکانی لەسەر نووسرابوو. (زرین کوب،١٣٣٠هـش: ٢٤١)

بانگەشەی بە خودابیبون لە سەرەتای خەلافەتی عەبباسیدا لەناو بەشێک لە ئێرانییەکاندا ڕەواج و کاریکی ڕێپێدراو بوو، بۆیەش موقەنەع بانگەشەی خوداییبوونی خۆی دەکرد و دەیگوت، مردووەکان زیندوو دەکاتەوە و هاوەڵانیشی دەباتە بەهەشتی نەمر. ئەو ڕێنماییەکانی ئاینی مەزدەکی زیندوو دەکردەوە و ئەرکە شەرعییەکانی بەتاڵ دەکردەوە و ئامانجەکەی لەناوبردنی ئیسلام بوو.(پورزارع، ١٣٩٢هـش: ٧٨)

بزووتنەوەی ئاینی محەمەڕە کە ئاماژەیەکە بۆ جلوبەرگ سوورەکان-سوورپۆشەکان، هۆکاری ئاینی هۆکاری هەرە سەرەکیی بزووتنەوەکە بوو.(پورزارع، ١٣٩٢هـش: ٨٠)

ڕاپەڕینی خەواریجەکان بەتایبەتی ڕاپەڕینی حەمزەی کوڕی ئازەرەک و هەروەها ڕاپەڕینی یوسف ئەلبەرم، گەورەترین ڕاپەڕینی گرووپە ئیسلامییەکانە لە دژی حکومەتی عەبباسی، کە هەندێک ڕێبەری ئەم ڕاپەڕینانە، وەک حەمزەی ئازەرەک، لە بنەڕەتدا خۆی بە سەرداری ئیمانداران دەزانی و شەرعیبوون ویاسایی بوونی خەلافەتی عەبباسی ڕەت کردۆتەوە. (فروشانی، ١٣٩٥: ل٨٤ )

سوودوەرگرتن لە لایەنێکی خودی ئیسلامیش لەناو ڕاپەڕینی ئێرانییەکاندا دەبینرێت، شۆڕشی حەمزە ئازەرەکی ئێرانی کە بیروباوەڕی خەواریجەکانی هەبوو، خۆی بە ئەمیرولموئمینین دانابوو،دەستەڵاتی

بەسەر بەشێکی خوراسان و تەواوی سەجستان و کەرمان و فارسدا گرتبوو، خۆی بە ئەمیرولموئمینین دانابوو.(صدیقی ۱۳۷۲هـش: ل۷۳)

**٥- ئابووری:** هۆکار و پاڵنەری ئابووری کاریگەریی هەبوو لە ڕاپەڕینی خەڵکی قوم، هەندێک نووسەریش لە ڕوانگەی فەلسەفی و مادەگەرایی و سۆسیالیستی خۆیانەوە دەڵێن، چینی جووتیار بوو کە لە دژی زوڵم و ستەمی دەستەڵاداران و باجی کەمەرشکێن ڕاپەڕینی بابەکیان ئەنجام دا، بەڵام لە سەرچاوەکاندا بە هیچ شێوەیەک ئەم هۆکار و پاڵنەرە نەسەلمێندراوە. (فروشانی، ۱۳۹٥: ۸٦ )

خەلیفە هارون کە بۆی ڕوون بووەوە خەڵکی خوراسان بەهۆی دەستدرێژی و زوڵمی عەلی کوڕی عیسا ڕاپەڕیوون، چونکە باجی ساڵانەی لەسەر زیادکردبوون، لەسەر کار لایدا و دەستیشی بەسەر سەر و ماڵ و سامانەکەیدا گرت، کاتێک لەبەردەم خەلیفەیان ڕاگرت، هەشتا ملیۆن دەرهەمی هەبوو، کە ئەو گەنجینەیە بەباری هەزار و پێنج سەد وشتر گواسترانەوە.(صدیقی ۱۳۷۲هـش: ۷٤)

بە جێگیربوونی حکومەتی عەبباسی و بەخشینی جۆرێک لە مافی ئۆتۆنۆمی بە داورودەستە و کاربەدەستەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی مەملەکەتی ئیسلامی و بە وردی چاودێری نەکردنی کارەکانیان، ئەو دەستەڵادارانە دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی باج و خەراج و دروستکردنی کۆشک و تەلار و بەشێکی زۆری خەراج و داراییان بۆ حکومەتی ناوەندی وەک دیاری دەنارد، ئەمەش لە پێناو زیاتر پتەوکردنی پێگەی خۆیان بوو. هەروەها گوشارێکی زێدەیان لە خەڵک دەکرد.(فروشانی،: ۸۷ )

ئەگەر قەبارەی گەندەڵیی والیەکانی خەلافەتی عەبباسی بە ڕوونی بەدیار خرابا ئەوا خەڵک زووتر لەدژی خەلافەت ڕادەپەڕی. قەبارەیان بە

ئەندازەیەک گەورەبوو خەلیفە هارووون ڕەشیدی ناچار کرد دەستەیەک لەدادوەران ڕابسپێرێت تا لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لەماڵ وسامانی عەلی کوڕی عیسا بکەن. دەستەی لێکۆڵینەوە لەساڵی(١٩١ک/٨٠٦ز) ماڵ و سامانی عەلییان بە هەشتا ملیۆن دەرهەم خەملاند، لەکاتێکدا عیسای کوڕی عەلی سی ملیۆن دەرهەمی لەناو باغێکی خۆی لە بەلخ[٨] شاردبووەوە، کاتێک فەرمانی دەستبەسەرداگرتن دەرکرا، بە هەزار و پێنجسەد وشترەوە ئەو پارەیان بۆ لای خەلیفە هارووون ڕەشید لە جورجان[١٠] گواستەوە.(حبیبی،١٣٦٣هش: ٣٥٣)کاتێک خەلیفە عەلی کوڕی عیسای کوڕی ماهانی بۆ دەسەڵاتی خوڕاسان گەڕاندەوە، ئەویش دیسان لەپێناو بەرژەوەندیی دارایی خۆی کاری کردەوە. (دێوانە، ٢٠١٤: ١١٠) قورسکردنی شانی هاوڵاتی و گرانکردنی بارە ئابوورییەکەی، هۆکارێکی سەرەکیی ڕاپەڕینی ئێرانییەکان بووە، عیسای کوڕی عەلی لەدوای تاڵانکردنی سیستان[٩] باجی لەخەڵک وەرگرت وچوارهەزار کەسی بۆ کۆکردنەوەی سامان تەرخان کرد و بەزەبری هێز سێ ملیۆن دەرهەمی لەخەڵکی سیستان ستاند، بۆیە خەڵک لەدژی ڕاپەڕی، چونکە باجی زیادی بەسەر خەڵکدا سەپاند (مجهول، ١٥٩:١٣١٤؛حبیبی،١٣٦٣هش: ٣٥٣).

حەمزەی ئازەرک بە ئاشکرا هۆکاری ڕاپەڕینی خۆی لە نامەکەیدا بۆ خەلیفە هارووون ڕەشید گەڕاندەوە بۆ قورسکردنی باری ئابووریی خەڵک و بەهەدەردانی سامانی دەوڵەت و زوڵمی بەرپرسەکانی، حەمزە فەرمانی بەلەشکرەکەی کرد کە ڕێگا نەدەن دەسەڵاتدارانی زاڵمی خەلیفە زوڵم لەبێدەسەڵاتان بکەن، بەخۆشی هیچ شتێکی لە خەڵک وەرنەدەگرت و نەشیدەهێشت کەس هیچیان لێوەربگرێت، ڕەفتاری لەگەڵیان باشبوو، خەڵکی سیستان لەژێر سایەی دەسەڵاتەکەیدا ئارام و ئاسوودە و پارێزراوبوون، بەهۆی بەهێزیی حەمزە لە سجستان، لەساڵی (١٩٣ک/٨٠٨ز)خەلیفە هارووون کەلە جورجان بوو نامەی بۆ نووسی،

حەمزەی بۆ کتێبی خوا و سونەتی پێغەمبەر و تاعەت بانگ کردودڵنیایی و ئەمانی پێدا بە مەرجێک حەمزە خۆی ڕادەست بکات، لە بەرانبەردا حەمزەش نامەیێ نووسیوە و وتی، من خۆم خەڵک بۆ کتێبی خوا بانگ دەکەم، جەنگی من لەگەڵ فەرماندەکانت بۆ ئارەزووەکان و داگیرکردنی موڵک و ماڵی خەڵک و بەدەستهێنانی پلەوپۆست نییە، بەڵکو جەنگەکەم لەدژی بێڕەوشتی و خوێنڕێژی و داگیرکردنی ماڵ و سامان و خراپیەکانی بەرپرسەکانتە، نموونەی ئەو ڕەفتارە ناپەسەندانەش کردەوەکانی مەعەن کوڕی زائیدەی شەیبانی کە والی بوو لەسیستان، بۆ وتنی هەر شیعریک هەزار دیناری بە مەروان کوڕی ابی حفصەی١١ دەدا.(مجهول، ١٣١٤: ١٤٥؛صدیقی ١٣٧٢هـش: ٧٥)

هەندێک جار بەهۆی گەندەڵی و سوود وەرگرتن لە ئابووریی دەوڵەت، بەرپرسەکانی هانداوە ڕاپەڕین ئەنجام بدەن و لە خەلیفە هەڵگەڕێنەوە، سیمایەکی ئاینی یان نەتەوییش بە ڕاپەڕینەکەیان بدەن. ئەوەتا عەبدولجەبار کوڕی عەبدولڕەحمانی ئەزدی، سەرهەنگی هێزە تایبەتەکانی خەلیفە مەنسوور وەک کاردانەوەیەک باج و خەراجی بەلخ و شارەکانی تری خوراسانی، زیادکرد شاری نیشاپووری[١٢] پێشکەش بە خوارزای خۆی خەتاب کوڕی یەزید کردو بە تەواوی لەژێر فەرمانی خەلیفە مەنسوور دەرچوو و سەرپێچی لە فەرمانەکانی مەنسوور کرد و ڕاپەڕی.(حبیبی،١٣٦٣هـش: ٣١٣)

ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی بزووتنەوەی حەمزە لایەنە ئابوورییەکەی بووبێت، کاتێک یەکێک لە کاربەدەستان کارێکی ناڕەوای ئەنجامدا، حەمزەش کە مرۆڤێکی زانا بوو ڕێگای ڕاستی پێ پیشاندا، کاربەدەستەکەش کە بەرپرس و فەرمانبەرێکی هەرەگەورەی کۆکردنەوەی باج بوو، ویستی بە توندی و خراپی وەڵامی حەمزە بداتەوە، ئەویش

کاربەدەستەکەی کوشت. (نامعلوم،١٣١٤ ھش:١٥٦،١٥٩)یەکێک لە هۆکارەکانی بەرفراونبوونی شۆڕشی حەمزە، هەوڵدانی ناوبراو بوو بۆ لادانی باج لەسەر شانی خەڵکەکە. حەمزە خەڵکی سیستانی کۆکردەوە و لە دانی کاڵاو باج وپارەی کاش بە بەغدا بەخشینی وخۆشی هیچ شوێنێکی نەکردە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی، و سۆزو پەیمانی بەخەڵک دا کە هیچ جۆرە باج و خەراجێک لەوان وەرناگرێت، بۆیە خەڵک پشتگیرییان لێکرد،چونکەباجی هەڵگرت.(حبیبی،١٣٦٣ھش: ٣٥١)

ڕاستگۆیی سەرکردە لەگەڵ میللەت ڕاپەڕینەکەی بەهێزتر دەکەن بەتایبەتی کە بەو هۆیەوە ئابوورییەکەیان دەبووژێتەوە، ئەوەتا حەمزە بە خەڵکی سیستانی گوت، یەک دەرهەم وەک باج بە سوڵتان(دانراوی خەلیفە) نەدەن، چونکە ئێوە توانای دانی ئەم پارەتان نییە، من هیچم لە ئێوە ناوێت و هیچیشتان لێ وەرناگرم. حەمزە چووە نیشاپور، لەوێ فەرمانی شەڕی لە دژی عەلی کوڕی عیسا دەرکرد. عەلی کوڕەکەی بەناوی عیسا کردە حاکمی سیستان، ئەویش هات و باجی کردە زۆرەملێ و خەڵکێکی زۆری کوشت. عەلی کوڕی عیسا نامەی بۆ ئەمیرولموئمینین خەلیفە هاڕوون ئەلڕەشید نارد و پێیڕاگەیاند کە خەواریجێکی سیستانی ڕاپەڕیوە و هەموو کاربەدەستانی ئەم سێ ناحیەی کوشتووە و داهاتی نەهێشتووە و یەک دەرهەم و یەک دەنک دانەوێلە لە خوڕاسان و سیستان و کرمان بەدەستمان ناگات. (نامعلوم، ١٣٨٩ ھش: ١٥٨،١٥٩،١٦٠)

ئابووری و کەسەبەرهەمهێنەرەکان بڕبڕەی پشتی هەر ڕاپەڕینێکن، لە سەرهەڵدانی بابەکیشدا ژمارەیەکی زۆر لە گوندییەکان و جووتیارەکان پەیوەندییان پێوەکرد، کە توانیان شۆڕشی بابەک بۆ زیادتر لە (٢٢) ساڵ بە پایەداری بهێڵنەوە. (زرین کوب،١٣٣٠ھش: ٢٠٢)

لایەنی ئابووری و خەزێنەکانی ئەبومسلم و تەماعییەکانی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە هەڵگیرساندنی جوڵانەوەی جهوردا، خەلیفە مەنسوور داوای لە جهور کرد کە خەزێنە و پارە بە دەست حکومەتەوە بدەن، بەڵام جهور بڕیاریدا ئەو پارەیە بەسەر سەربازەکانیدا دابەش بکات کە ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ناکۆکی، بۆیە جهور لە شەڕی سونباد بەسوپاکەیەوە لەوشارەی کە خەزێنەی ئەبومسلمی تێدابوو شکستی خوارد،نەیتوانی ڕووبەڕووی خەلیفە مەنسوور ببێتەوەو لەترسی ئەوەی دەستی بەسەردا بگرێت. (دێوانە، ٢٠١٤: ١٠١)

قەدەغەکردنی وەرگرتنی باج ڕاپەڕینی حەمزەی گەیاندە لووتکە، چونکە جوتیاران بە نەدانی باج بەشداری و پشتگیرییەکی توندیان لە شۆڕشی حەمزە کرد. حەمزە یەکێک بوو لە گەورە پیاوان وشەڕڤانان و زانایان و موجاهیدانی سیستان، باوەڕێکی توندی بە قورئان و سوننەت هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا نەیدەهێشت کاربەدەستانی بەغداد زوڵم لە خەڵک بکەن وباج وخەراج لە خەڵکی سیستان بسێنن.(حبیبی،١٣٦٣هـش: ٣٦٨)

کاتێک والییەکان وبەرپرسەکان چاویان بڕیە قووتی خەڵک ناڕاستەوخۆ بوونە هۆکاری هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی ئێرانییەکان. ئەوەی دەیبینین گۆڕینی والییەکانی خوراسانە، کە زیاتر گرنگی بە بەرژەوەندی وسەروەت و سامانی خۆیان دەدەن، بەرژەوەندیی گشتییان لە بیر کردووە، عەلی کوڕی عیسا کوڕی ماهان کە دواتر بوو بە والی، ئەمیش باجێکی زۆری لەسەر خەڵکی زیاد کرد بەبێ هیچ پاساوێکی شەرعی، بۆیە بووە بەڵگە بۆ هاندانی شۆڕشگێڕان بۆ هەڵگیرسانی جووڵانەوە لە دژی سیاسەت و ویلایەتی خەلیفە لە ڕۆژهەلاتی ئیسلامی. (دێوانە، ٢٠١٤: ١٠١)

کاتێـک بزووتنـەوەی جلوبەرگسـپییەکان بـە لـەناوچوونی مـوقەنەع کۆتاییهـات، فـەرمانڕەوای گشـتی خوڕاسـان لەمـروو موسـەیەب کـوڕی زوهێر بـوو، هەشت مانگ لـە خوڕاسـان مـایەوە، بـاج و خـەراجی لەسـەر خەڵکـــی زیـــاد کـــرد، ئەمەش شـــتێکی گرنـــگ بـــوو لە شۆڕشـــی خوڕاسانییەکان.(حبیبی،١٣٦٣هش: ٣٣٤)

بەمەش کۆتاییهـــاتنی قۆنـــاغی شـــەرعیبوونی حـــوکمی عەرەب، ئێرانییەکانی هێنایە سەر ئەو باوەڕە هەرکەسێک لەدژی خەلیفە بوەستێت، خەڵکی نـاڕازیی ئێرانـی لەدەوری کۆدەبـوونەوە، ڕاپـەڕینی مازیـاریش بـۆ ئێرانییەکـان ئەوانەی زوڵـم و سـتەمێکی زۆریـان لەدەسـتی دەسـەڵاتدارە عەرەبەکـانی خەلـیفە بینیبـوو، بەتـایبەت لە ڕووی دارایـیەوە مـژدەدەری ڕزگاری بوو.(زرین کوب، ١٣٣٠هش: ٢٢٤)

دوای شکسـت هێنـانی شۆڕشـی ئوستادسـیس ڕاپەڕینەکـان زیـاتر ناوەرۆکێکی ئابوورییان بەخۆوە بینی؛ بۆیە ڕاپەڕینەکان دژی دەسـەڵاتی عەرەبـــی دەســـتی پـــێ کـــرد لەبەر وەرگرتنـــی بـــاج ومـاڵیـــاتی زۆر بەسەرپەرشـــتی دەرەبەگە خۆجێییەکـــان، بـــۆیە جوتیارەکـــان بە موسڵمانوزەردەشـتییەوە لەسیسـتان دەسـتیان بە ڕاپەڕیـن کرد.(غبـار، ١٣٧٤هـ ش: ٧٩)

**ئەنجامەکان:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەمان بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١. هەڵسوکەوتەنابەجێیەکانی بەشێک لەسەرکردەووالییەکانی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی هۆکار بوون بۆ ڕاپەڕینەکان.

٢. کوشتنی ئەبومسلیمی خوڕاسانی بووە چەخماخەی شۆڕشی ئێرانییەکان و ئاگرەکەی خۆشتر کرد.

٣. توانیمان وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکەمان بدەینەوە کەبەشێک لەشۆرش و ڕاپەڕینەکان بریتی نەبوون لە هەڵگەڕانەوە ویاخیبوون وگومڕابوون و دەرچون لە ئاینی ئیسلام، بەڵکو بەشی زۆریان بریتی بوون لە داواکاردنی مافە سەرەتاییەکانی خۆیان لە ڕووی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری.

٤. یەکێک لە ئومێدەکانی خەڵکی ڕاپەڕیوی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بریتی بوو لەگەیشتن بە ئازادی لە ڕووی کۆمەڵایەتی،لە ڕووی سیاسییەوە بریتی بوو لەگەیشتن بە خەونە لە مێژینەکەیان بە گەڕانەوەی شکۆی دەوڵەتی فارسی وساسانی.

## پەراوێزەکان:

١. مەرەند: یەکێکە لە شارە دیارەکانی هەرێمی ئازربایجان، لەنێوان مەرەند وتەوەریز کاروانی دوو ڕۆژە.(حەمەوی، ١٩٩٥ز:بەرگی ٥/ل١١٠)

٢. (ماوراءالنهر): مەبەست لێی پشت ڕووباری جەیحۆنە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتەوە. (حەمەوی، س پ، بەرگی٥/ل ٤٥)

٣. تەبەرستان: وڵاتێکی فراوانە لەدیارترین شارەکانی دەهستان، جورجان، ئەستراباد، ئامول، ساری و چالوس بەمازندەران ناسراوە.(حەمەوی، س پ: بەرگی٤/ل ١٣)

٤. گەیلان: وڵاتێکی مەزنە دەکەوێتە پشت تەبەرستان.(حەمەوی، س پ، بەرگی ٢/ل٢٠١)

٥. جەهور کوڕی مراری عەجەلی: یەکێک بوو لەسەرکردە وکاربەدەستانی خەلافەتی عەبباسی، خەلیفە ئەبوجەعفەری مەنسوور کردییە والی خوڕاسان بۆ شەڕی سنباد، بەڵام دواتر لە فەرمانڕەوایەتی خوڕاسان دوو خرایەوە؛ چونکە ئەو دەسکەوتەی کە لەشەڕی سنباد بەدەستی کەوت نەینارد بۆ بەغدا. (تەبەری، ١٣٨٧: بەرگی٧/ ل ل٤٩٧،٤٩٥)

٦. کش: گوندێکە سێ فەرسەخ لە جورجان دوورە، لەسەر چیایە. (حەمەوی، س پ، بەرگی٤/ل٤٦٢)

٧. نەخشب: لە شارەکانی (ماوراءالنهر)،لەنێوان سەمەرقەند وجەیحونە.(س.پ، بەرگی٥/ ل٢٧٦)

٨. بەلخ: شارێکی ناوداری خوڕاسانە، لەهەموویان پڕ خێرترە.(حەمەوی، س پ، بەرگی١/ ل٤٧٩)

٩. سیســـتان یـــان سجســـتان: هەرێمێکـــی گەورەیە لە ڕۆژهەڵاتـــی مەکـــران وسـندە،لە ڕۆژهەڵاتـی خوراسـانە، لە بـاکووری هیندسـتانە،لە باشووریشـی هەرێمی فارس ومەکرانە. (ئوستەخری، ٢٠٠٤: ل٢٣٨)

١٠. جورجان: شارێکی گەورەیە لەنێوان خوراسان و تەبەرستان بەشێک دەڵێن سـەر بە خوراسـانە، بەشـێکیش دەڵێن سـەر بە تەبەرسـتانە. (حەمەوی، س پ، بەرگی٢/ل ١١٩)

١١. مەروانـی کـوڕی ئەبـی حەفسـە: شـاعیری دیـار و ناسـراوی سـەردەمی عەبباسییەکان، خەڵکی یەمامە بووە، هاتووەتە بەغدا، شیعری بۆ خەلیفە مەهـدی وهـاڕوونە ڕەشـید گوتـووە، کە زیـاتر هێرشـی دەکـردە سـەر عەلەوییەکـان، زۆر شـیعری بـۆ مەعنـی کـوڕی زائـدەی شـەیبانی گوتـووە پارەیەکی زۆری لێ وەرگرتووە.(ئیبن خەلەکان،١٩٩٤: بەرگی٥/ ل ل ١٨٩، ١٩٠)

١٢. نیشـاپور: سـەر بەهەرێمـی خوراسـان بـوو وخەراجـی لەگەڵ خەراجـی خوراسان بوون، لەشارەکانی تەبسین وقوهستان ونسا وهیتر. (یەعقوبی، ١٤٢٢: ل٩٦،٩٥)

## ليستی سەرچاوەكان

### يەكەم: كتێبە عەرەبییەكان:


- الأصطخري، أبو إسحاق إبراهيم بن محمد الفارسي المعروف بالكرخي(ت: ٣٤٦هـ/٩٥٧م)،المسالكوالممالک،دارصادر،بيروت، ١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م .

- الحموي، شهاب الدين أبو عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي البغدادي(ت:٦٢٦هـ/١٢٢٨م)،معجمالبلدان،تقديم: محمد عبدالرحمن المرشلي، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ١٤٢٩هـ/٢٠٠٨م.

- ابن حوقل، أبو القاسم محمد بن حوقل البغدادي الموصلي، صورة الأرض، بيروت، ١٩٣٨م .

- ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن إبراهيم(ت:٦٨١هـ/١٢٨٢م)،وفياتالأعيانوأنباءالزمان،تحقيق:إحسانعباس، دار صادر، بيروت،١٣١٨هـ/١٩٠٠م.

- دويدار، حسين يوسف، الصراع بين العرب و الفرس، ط١، مطبعة السعادة – القاهره، ١٤٠٧هـ / ١٩٨٧م.

- الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير، تاريخ الطبري تاريخ الأمم والملوك، بيروت، ١٤٢٩هـ/٢٠٠٨م.

- اليعقوبي، أحمد بن إسحاق بن جعفر بن وهب بن واضح اليعقوبي البغدادي (ت:بعد٢٩٢هـ/٩٠٤م)،البلدان،وضحواشيه: محمدأمينضناوي،دارالكتبالعلمية،بيروت، ١٤٢٢هـ/٢٠٠٢م.


### دووەم: سەرچاوە كۆن ونوێیە فارسییەكان:

- ابن اسفنديار: بهاء الدين محمد بن حسن اسغنديار (تاليف ٦١٣هـ/١٢١٦م)، تاريخ طبرستان، بتصحيح: عباس اقبال، انتشارت انتشارات پدپده خاور، چاپئيك ايران، تهران، ١٣٦٦ه.ش.

- ابن فندق: ابو الحسن علي بن زيد بيهقى( ت ٥٦٥هـ/ ١١٦٩م)، تاريخ بيهق، با تصحيح و تعليقات: احمد بهمنيار، كاتبفروشى فروغي، (تهران، بى تا).

- اسلام نيا، فريدون، نگاهى به تاريخى ايران بعد از اسلام، انتشارات حسين امل، چاپ هنر، اورميه، ١٣٨٤هيجري شمسي.

- اشپولەر، برتولد، ترجمە، د. جواد فلاطورى، تاريخ ايران در قرون نخستين اسلامى، چاپخانه زيبا – تهران، ١٣٤٩ه،ش.

- بيرونى: أبوريحان محمد ابن احمد بيرونى ،(ت٤٤٠ه -١٠٤٨ م)، اثار الباقية: ترجمه :اكبر دانا سرشت ، انتشارات امير كبير ،( تهران٦٣ ١٣ ه.ش).

- حاج خليفه: مصطفى بن عبد اللهچلبى (١٠٦٩ك/ ١٦٥٨ز)، ترجمه تقويم التواريخ، وەرگير، نه ناسراو ، تصحيح مير هاشم محدث ، چرويداد، تهران ، ١٣٨٤هـ ش.

- حبيبى، عبدالحى، تاريخ افغانستان بعد از اسلام، چ دوم، چاپخانه دوهزار-تهران، ١٣٦٣ه،ش.

- خوافي، احمد بن محمد بن يحيى(٨٤٩□/١٤٤٥م)، مجمل فصيحي، تصحيح: سيد حسن ناجي نصر آبادي، انتشارات اساطير تهران،١٣٨٦.

- زرين كوب، عبدالحسين، دو قرن سكوت، چ دوم، انتشارات امير كبير، ١٣٣٦ه،ش.

- صديقى، غلام حسين، جنبشهاى دينى ايرانى در قرنهاى دوم وسوم هجرى، چ اول، چاپ بهمن – تهران، ١٣٧٢ه،ش.

- طوسي، نظام الملك،ابو علی حسن علی(ت٤٨٥ك/١٠٩٢ز)، سياستنامه(سير الملوك)، بكوشش: جعفر شعار، شركت سهامی كتابها حبيبی(تهران١٣٧٧□ ش).

- غبار:مير غلام محمد، افغانستان در مسير تاريخ، انتشارات جمهوری،تهران، ١٣٧٤.

- قزوينی، حمدالله مستوفی، تصحيح وتحشيه، گای ليسترانج، نزهة القلوب در وسف بلدان و ولايات وبقاع، چ اول، چاپ ديبا – انتشارات اساطير – نيشانی: ميدان فردوسی، اول ايرانشهر جنوبی، ساختمان ١٠(پلاك ٨)، ١٣٨٩ه،ش.

- گرديزی : أبو سعيد عبد الحي بن ضحاك ابن محمود(بعد ٤٤٣ه/١٠٥١م)، زين اخبار - تاريخ گرديزی ، تصحيح و مقابلة :عبد الحي حبيبی ، چاپخانەی ارمغان ، (تهران، ١٣٦٣ ، ه.ش).

- مؤلف مجهول :(تأليف در ٣٧٢هـ -٩٨٣م)، كتاب حدود العالم من المشرق إلی المغرب، بتصحيح : سيد جلال الدين تهرانی ، مطبعه مجلس ، (تهران ، ١٣٥٢ه.ش).

- مؤلف مجهول :( تأليف در ٥٢٠هـ/١١٢٥م)، مجمل التواريخ والقصص ، بتصحيح: ملك الشعراء محمد تقي بهار ،( تهران ، ١٣١٨،ه.ش).

- مؤلف مجهول ( تأليف در٧٢٥ه/١٣٢٤م)، تاريخ سيستان، بتصحيح ملكالشعراءمحمد تقي بهار: كلالهخاور، تهران، ١٣١٤ه.ش.

- ميرخواند، محمد بن خاوندشاه بن محمود، تصحيح وتحشيه، جمشيد كيان فر، تاريخروضة الصفاه فی سيرة الأنبياء والملوك والخلفا، چ دوم، انتشارات اساطير – أدرس: ميدان فردوسی، اول ايرانشهر، ساختمان ١٠، ١٣٨٥ه،ش.

- نخجوانی: هيندوشاهبن سنجر بن عبد الله صاحبی(ت٧٢٤ هـ/١٣٢٣م)، تجارب السلف ، بتصحيح و اهتمام: عباس اقبال، كتابخانه طهوری ، تهران ، ١٣٤٤، ه.ش.

- نرشخی: ابوبکر( ت۳۲۲ه/۹۳۳م)، تاریخ بخارا، تلخیص محمد بن زفر بن عمر،اهتمام: مدرسرضوی،کتاب فروش سنایی،(تهران،۱۳۱۷).
- نفیسی، سعید، بابك خرم دین، چ دوم، چاپخانه مهدی – تهران، ۱۳۸۸ه،ش.

- **سێیەم: کتێبە کوردیەکان :**

- ئەلعەرشی، یوسف، وەرگێڕانی: ڕووپاک کاخدر حەمەد، عەباسیەکان مێژووی سەردەمی خەلافەت، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت – هەولێر، ۲۰۱۰ز.

**چوارەم:رسائلالماجستر و الدكتوراه:**

- البالكى، ابوبكر ديوانه حمد، علاقة الخلافة العباسية مع الأقاليم الشرقية فى العصر العباسى الأول من سنة(۱۳۲هـ إلى ۲۳۲هـ/ ۷٤۹م إلى ۸٤٦م)،رسالة دكتوراه، جامعة سوران، سوران، ۲۰۱٤م.

- **پێنجەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

- پورزارع، على، قيام هاى ايرانيان بر ضد عباسيان، ۱۳۹۲هش، WWW.GOOGLE.COM
- فروشانى، نعمت الله صفرى، قيام ايرانيان در عصر اول عباسى.WWW.GOOGLE.COM

**ملخص البحث:**

هذه الدراسةبعنوان(أسباب خروج الخراسانيين ضد الخلافة العباسية(١٣٢-٢٣٢□/٧٤٩-٨٤٦م) حسب المصادر الفارسية)، تتكون من تمهيد ومبحثين، خصص التمهيد لبحث نبذة مختصرة عن الدراسة، ومنهجها وأهم المصادر التي اعتمدنا عليها، وتناول المبحث الأول أهم الحركات التي قامت ضد الخلافة العباسية، وخصص المبحث الثاني لبحث أسباب قيام هذه الحركات من سياسية وإجتماعية، ودينية، وإقتصادية، وتنتهي الدراسة بأهم النتائج التي توصل إليها البحث.

**الكلمات الإفتتاحية:**شرق الاسلامية، خليفة العباسي، ابومسلمالخراساني، المصادر الفارسية.الموالي.

**Abstract:**

This study is entitled “The reasons for khorasan egression against the Abbasid (Aliphat(A.D46-_ 749/A.H 232_ 132) a (( ording to Persian sources . It consists of preface and two studies. A preface was devoted to a brief investigationabout the study, its curriculum and the most important sources that we relied on.

The first topic dealt with the most important movements that took place against the Abbasid caliphate. A second topic was devoted to examining the reasons for the establishment of these political, social, veligions and economic movements.

The study ends with the most important results of the research.

Research Keys: Eastern Islamic, Abbasid Calipha, Abu Muslim Khurasani, Persian sources, Mawalis.